# رابوونەوەی سەدر و مەرجەعییەت لە سیاسەتی عێراق

05-12-2020

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** لە رۆژانی رابردوودا بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنفرانسی حەشدی عەتەبات و دەرکەوتنەوەی دووبارەی سەدرییەکان وەك ئەکتەرێکی گرنگی شانۆی سیاسی عێراق دوو رووداوی گرنگن کە دەتوانن کاریگەری لەسەر دۆخی سیاسی و سەربازیی ئەو وڵاتە دابنێن.

بەرایی

لە رۆژانی رابردوودا بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنفرانسی حەشدی عەتەبات و دەرکەوتنەوەی دووبارەی سەدرییەکان وەك ئەکتەرێکی گرنگی شانۆی سیاسی عێراق دوو رووداوی گرنگن کە دەتوانن کاریگەری لەسەر دۆخی سیاسی و سەربازیی ئەو وڵاتە دابنێن.

کۆنفرانسی حەشدی عەتەبات چەندەی رەهەندێکی ململانێی نێوخۆیی شیعەیشی تیدابێت، ئەوەندەش هەنگاوێکە بۆ قایمکردنی توانای سەربازیی مەرجەعییەت لە سیاسەتی عێراقی. دەرکەوتنەوەی سەدریش بە خۆپیشاندان و گوتاری بردنەوەی پێشوەختەی هەڵبژاردن و "پەیماننامەی شەرەف"ی شیعی دەرخەری ئەوەیە کە سەدر لە قۆناخی داهاتوودا لایەنێکی یەکلاکەرەوە دەبێت.

**بۆچی حەشدی عەتەبات؟**

رۆژی 1/12/2020 کۆنفرانسێکی سێ رۆژەی حەشدی عەتەبات بە درووشمی "پارێزگاری کردن لە فەتوا و بنیاتنانی دەوڵەت" لە نەجەفەوە بە سەرپەرشتی عەتەبەی عەلەوییە دەستپێکرد. فیرقەی ئیمام عەلی(گرێدراوی عەتەبەی عەلەوی)، لیوای عەلی ئەکبەر(گرێدراوی عەتەبەی حسێنی) و فیرقەی عەباسی قیتالی( گرێدراوی عەتەبەی عەباسی) و لیوای ئەنساری مەرجەعییە کە بەڕیزەوە پێشتر لیواکانی 2و 11 و 26 و 44ی حەشدی شەعبی بوون، لەوەدا بەشداربوون.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە پاڵنەرەکانی جیاکردنەوەی زیاتری ئەم چوار لیوایەی پێشووی حەشدی شەعبی لەو بەشەکەی دیکەی حەشد چین؟ بەشێوەیەکی گشتی دەشێ چەند هۆکارێك بۆ ئەمە ریز بکرێن کە بەمجۆرەن:

**یەکەم:** وادیارە لە سەرووبەندی نزیکبوونەوەی ساڵی نوێ، مەرجەعییەت دەیەوێ هێڵەکانی جیاکەرەوەی هێزەکانی خۆی لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەی حەشد روونتربکاتەوە. بێگومان لەوانەیە ئەمە پاڵنەری ئەمنیی هەبێت چوونکە، ساڵوەگەڕی کوژرانی ئەبومەهدی موهەندیس و قاسم سولێمانی نزیك دەبێتەوە و ترسێك هەیە لەوەی کە لەو رۆژەدا رووداوێکی ئەمنی رووبدات! لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەو رۆژە، تەنانەت بەپێی هەندێك لە سەرچاوەکان، ئەمریکا دەستی بە کشانەوەی هەندێك لە دیپلۆماتەکانی لە باڵیۆزخانەی بەغدا کردووە.[1] لەوانەیە حەشدی مەرجەعییەت بە تەمابێت رووخسارێکی جیاوازتر لە حەشدی دیکە لە خۆی پیشانبدات و بەوەش جیاوازییە فیکری و سیاسییەکانی خۆی زەقتر دەربخات. لە بیرمان نەچێت کە تەنیا چەند هەفتەیەك دوای کوژرانی قاسم سولێمانی و ئەبومەهدی موهەندیس بوو کە چوار لیواکەی حەشدی مەرجەعییەت لە حەشدی شەعبی جیابوونەوە و خۆیان بە وەزارەتی بەرگری بەستەوە.

**دووەم:** ناڕەزایی چوار لیواکەی مەرجەعییەت لەسەر دانانی(ابوفدك) وەك شوێنگرەوەی ئەبومەهدی موهەندیس و شکستی هەوڵەکانی هادی عامری بۆ نابژێوانیی چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانە، پاڵنەرێکی دیکەیە بۆ جیاکردنەوەی رێی هەردوو حەشدەکە لە یەکتری. حەشدی شەعبی بەمدوایيانە ئەبو مونتەزەر حسێنی( تحسين عبد مطر عبودي- رێکخراوی بەدر) لە پۆستێکی دیکەی باڵای دەستەی حەشەدی شەعبی دامەزراند کە پێدەچێت کە ئەمە دوایین بزمارێك لە هەوڵەکانی یەکخستنەوەی دووبارەی هەردوو حەشد درابێت.

**سێیەم:** جەمسەرگیریی و دابەشبوونە نێوخۆییەکانی سیاسەتی شیعی لە عێراق وایکردووە کە مەرجەعییەت لە تەنیشت رۆڵی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە رووداوە سیاسییەکان، پەنا بۆ تۆکمەکردنی رەهەندە سەربازییەکەی ئەو رۆڵەش ببات. حەشدی عەتەبات لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسەکەیدا لەلایەك جەختی لە جێبەجێکردنی پیت بە پیتی فەتوا و رێنماییەکانی مەرجەعییەتی باڵا و لەلایەکی دیکەش جەختی لە پابەندبوون بە یاسا و دەستوور کردۆتەوە.[2] لە بەیاننامەکەشدا پابەندبوونی بە رێنماییەکانی مەرجەعییەت لە پێش پابەندبوون بە یاسا و دەستوور داناوە. هەرچەندە مەرجەعییەت دەستوەردران لە سیاسەت بە رەسمی رەتدەکاتەوە بەڵام، بە کردەوە رۆڵەکەی لە دیاریکردنی سەرۆکوەزیران، هەڵبژاردن و خۆپیشاندان و رووداوەکانی دیکەی مەیدانی سیاسی وڵات شتێکی حاشا لێنەکراوە. حەشدی عەتەبات هەنگاوێکی دیکە عێراق لە ویلایەتێکی ناڕاستەوخۆ ـ رانەگەێنراوی مەزهەبی نزیك دەکاتەوە. بەوە، مەرجەعییەتیش وەك بەشێکی زۆری حیزبە گەورەکانی عێراق، لە تەنیشت بنکەی جەماوەری و رۆڵی سیاسی، خاوەنداریکردنی هێزی چەکداری دامەزراوەیتر دەکات!

**رابوونەوەی سەدرییەکان**

سەدرییەکان لەڕێی خۆپیشاندان، گوتاری پێشوەختەی بردنەوە لە هەڵبژاردان و باسکردنی "پەیماننامەی شەرەف"ی شیعی جارێکی دیکە بە گەرمی لە رۆژەڤی عێراقدان.

خۆپیشاندانەکانی پشتگیریکردن لە موقتەدا سەدر جۆرێك لە نمایش کردنەوەی هێزی ئەو گرووپە بوو، هەرچەند کە دواتر بەهۆی بەریەککەوتنیان لەگەڵ خۆپیشاندەرانی دیکە گرفتیان بۆ درووستبوو. سەدر لەڕێی گوتاری پەیماننانەی شەرەفیشەوە بە تەمایە خۆی وەك لایەنی یەکخەری هێزە شیعییەکانیش دەربخات.

هەر لە ئێستاوە زۆرێك هاوڕان لەسەر ئەوەی کە سەدر پیاوی قۆناخی داهاتووی عێراق دەبێت ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك:

**یەکەم:** دابەشبوونەکانی هێزە شیعییەکان دەرفەتی زیاتری بۆ دەرخسێنێت تا پێگەی خۆی زیاتر بێت. بە دیاریکراوی زەقتربووونەوەی ناکۆکی و رکابەرییەکانی مەرجەعییەتی باڵا و گرووپەکانی لایەنگرانی ئێران لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە، مەیدانی مانۆڕی سەدر لە قۆناخی داهاتوودا زیاتر دەکەن.

**دووەم:** ئەگەری بەشداری کەمیی خەڵك لە هەڵبژاردنی داهاتوو، لەگەڵ تۆکمەبوونی رێکخستنی سەدرییەکان و ئەگەری کەڵکوەرتنی لە کورسییەکانی کۆتاکانی ژنان و یاسای نوێی هەڵبژاردن، چانسی سەدر بۆ سەرکەوتن زیاتر دەکەن.

**سێیەم:** لاوازبوونی پێگەی جەماوەریی حیزبە شیعییەکانی دیکە و توانای سەدر بۆ کەڵکوەرگرتن لە سیاسەتی هاوپەیمانی، وەك نموونەی هەڵبژاردنی رابردوو، چانسی ئەو بۆ بردنەوە زیاتر دەکەن.

**ئەنجام**

پێگەی ئایینی و سیاسیی مەرجەعییەتی باڵا، لەڕێی حەشدی عەتەباتەوە بەهێزتر دەبێت. لەوانەیە ئەمە وەك ئامادەکارییەك بێت بۆ قۆناخی داهاتووی عێراق وهەرجۆرە پشێوییەکی گریمانەیی کە لەوانەیە لە دوای هەڵبژاردن رووبدات، بەڵام هەرچییەك بێت، مەرجەعییەتیش بە کردەوە هاوشێوەی حیزبە گرنگەکانی عێراق ئیدی هێزی چەکداریی خۆی دامەزراوەیتر دەکات و ئەمەش، پێگەکەی لە سیاسەتی عیراق هەم زیاتر، هەم ئاشکراتر دەکات.

بە ئەگەری زۆر موقتەدا سەدریش بەهۆی دۆخی سیاسەتی نیوخۆیی و ناوچەیی، یەکێك لە کاریگەرترین پیاوەکانی قۆناخی داهاتووی عێراق دەبێت و هەر ئێستاشەوە ئەو رۆڵە بۆ خۆی پێناسە دەکات. لەوانەیە لە جیاتی هێزە نەریتییەکانی شیعە وەك حیزبی دەعوە و ماڵی حەکیم، دووانەی سیستانی و سەدر، بە رکابەری و هاوپەیمانیی و سیاسەتەکانی خۆیانەوە، بە ئەندازەیەکی زۆر ئاراستە بە سیاسەتی داهاتووی عێراق بدەن. ئا لێرەدایە کە گرنگە هەرێمی کوردستان ئاگای لە رووداوەکانی پەیوەست بەو دووجەمسەرەی سیاسەتی شیعی بێت تا بەپێی ئەوە بجووڵێتەوە.

[1] _ https://www.politico.com/news/2020/12/02/trump-pulls-diplomats-out-of-iraq-442250

[2] _
https://iraq.shafaqna.com/AR/197676/%d9%85%d8%a4%d8%aa%d9%85%d8%b1-%d8%ad%d8%b4%d8%af-%d8%a7%d9%84%d8%b9%d8%aa%d8%a8%d8%a7%d8%aa-%d9%8a%d9%86%d9%87%d9%8a-%d8%a3%d8%b9%d9%85%d8%a7%d9%84%d9%87-%d9%86%d8%ad%d9%88-%d8%a7%d9%84%d8%a7/